# نۆستالژیا لە دیوانە شیعری (ملوانکەی هەزاردەنکەی شارباژێڕ)ی (جەمال شارباژێڕی)دا

**ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە [١]، مەهدی فاتیح عومەر [٢]**

[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە،هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان،عێراق

[٢] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەو زمان، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: ahmad.mira@uoh.edu.iq

## ملخص البحث

هذه الدراسة بعنوان "الحنين في ديوان -عقد شاربازير ذي الألف حبة- للشاعر جمال شاربازيري". إن لفظة "الحنين " تعني العودة الى الماضي والتوجع والتحسر على محل الولادة والوطن، اي انه يعبر عن الحلم والخيال وتمني مستقبل زاهر زاخر بالتفوق، وخال من الغم والوجع والاضطراب. وبهذا يكون "الحنين" مجرد خيال يستند الى ماض يزدهر بالنجاحات والفخر لكن لاوجود له في أرض الواقع ويستحيل اعادته من جديد. تتألف الدراسة من قسمين. يتناول القسم الاول منه الجانب النظري، وذلك في مبحثين يبحث كل منهما عددا من الامور كما مبين ادناه:

المبحث الاول: وفيه يتم تناول مفهوم "الحنين" لغة واصطلاحا وانواعه في الادب.

المبحث الثاني: ويتناول خصائص ومزايا "الحنين" كدافع للابداع في النتاج الادبي. أما المبحث الثاني في هذه الدرااسة فيبحث عمليا في انواع "الحنين" في النصوص الشعرية للشاعر جمال شارباژي في ديوانه المذكور عنوانه آنفا. ويختتم الباحث هذا البحث بجملة من النتائج التي توصل اليها مع قائمة بالمصادر التي استندت اليها الدراسة.

## Abstract

This study is entitled "Nostalgia in the Collection of A One-thousand-bead-necklace of Sharbazher by the Poet Jamal Sharbazheri". The term "nostalgia" means one's longing for the past especially for the place of birth and home representing his/her dream of a better future and imagining a prosperous life future full of superiority and free from pain. Thus, "nostalgia" is just a fantasy based on a past that thrives on successes and pride, but it does not exist in reality and it is impossible to restore it again. The study consists of two parts. The first is theoretical which is made up of two sections:

Section One: It deals with the concept of "nostalgia" in terms of its linguistic and technical meanings besides its types in literature.

Section Two: it deals with the characteristics and advantages of "nostalgia" as a driver of creativity in literary output.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/٢/٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٥/٢١ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | ahmad.mira@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٠ د.ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە، پ.ی.د.مەهدی فاتیح عومەر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

As for the second part of the current study, it practically identifies the types of "nostalgia" in the poetic texts of the poet Jamal Sharbazhery in his above-mentioned collection. The researcher concludes this study with a set of results that he reached with a list of the sources upon which the study was based.

**کلیله وشه: نۆستالژیا، خەیاڵ، گەڕانەوەبۆ ڕابردوو، داهاتووی نموونەیی**

## پێشەکی:

زاراوەی نۆستالژیا، واتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، حەسرەتی گەڕانەوە بۆ زێدی لەدایکبوون، هاوکات خەون و خەیاڵ و ئاواتخواستنە بۆ داهاتوویێکی پرشنگدار. بەوەش، یەکەمین کاردانەوەی شاعیران گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، یان خەیاڵە بۆ ئاییندەو داهاتوویێکی نموونەیی. سەبارەت بە سنوری لێکۆڵینەوەکە، تەنها پشت بە دیوانی (ملوانکەی هەزاردەنکەی شارباژێڕ)ی شاعیری ناوبراو بەستراوە. پەیوەست بە میتۆدی لێکۆڵینەوەکەشەوە، لەلایەك میتۆدی وەسفیی شیکاریمان گرتووەتەبەر، تا لایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی زانستیانە بخەینەڕوو، لەلایەکی تریشەوە، بۆ لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکان و دۆزینەوەی ناوەڕۆکی نۆستالژیاو پراکتیزەکردنی جۆرەکانی، میتۆدی ڕەخنەیی و شێوازی شیکاریمان پەیڕەوکردووە.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی لە پێشەکییەک و دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: لەڕووی تیۆرییەوە، بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە، هەر تەوەرێکیش چەند باسێک لەخۆدەگرێت: لەتەوەری یەکەمدا، باس لە وشە و زاراوە و چەمک و پێناسەی نۆستالژیا لەناو ئەدەبدا کراوە. تەوەری دووەمیش، بۆ جۆرو تایبەتمەندییەکانی نۆستالژیا تەرخانکراوە.

بەشی دووەم: تێیدا، بەشێوەیەکی گشتی، ئەو جۆرانەی نۆستالژیا، کە لە دەقە شیعرییەکانی دیوانی (ملوانکەی هەزاردەنکەی شارباژێڕ)ی (جەمال شارباژێڕی)دا هەن، بەشێوەی پراکتیکیی دیاریکراون.

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی نۆستالژیا (Nostalgia):

سەرەتا لە زاراوەی نۆستالژیاوە دەچینە ناو باسەکەمان، چونکە چەمک و مانای زاراوەی نۆستالژیا، وەک دیاردەیەکی بەرچاو لە ئەدەبی جیهانیدا بوونی هەیە، بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەگەر وەک دیاردەش بوونی هەبێت، وەک لێکۆڵینەوە کەمتر کاری لەسەر کراوە، بۆیە بۆ باشتر ئاشنابوون و تێگەیشتنمان لە بابەتەکە، سەرەتا بە زاراوەکە دەستپێدەکەین:

#### ١/١-١نۆستالژیا لەڕووی وشەییەوە:

((نۆستالژیا لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی یۆنانی پێکهاتووە، (nostos)بەواتای گەڕانەوە، (algos) بەمانای ژان و ڕەنج و حەسرەت)) دێت. (پورافکاری، ١٣٨٢، ١٠١١)، کەواتە نۆستالژیا وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشەی یۆنانییەوە هاتووە، بەسەر یەکەوە بە مانای (گەڕانەوە و حەزکردن بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە و خەم و غوربەتی گەڕانەوە)، هاتووە.

#### ١/١-٢ نۆستالژیا لەڕووی زاراوەییەوە:

نۆستالژیا (Nostalgia) ((زاراوەیەکی فەرەنسییە، واتا زاراوەییەکەی لە واتا وشەییەکەی نزیکە، بە واتاکانی: داخ و حەسرەت بۆ ڕابردوو،

حەزکردن بە گەڕانەوە بۆ ماڵ، دروستبوونی هەستی غەریبی لەلای مرۆڤ دێت)). (پورافکاری، ١٣٨٢، ١٠١١)

ئەگەر سەیری فەرهەنگی زمانە جیاجیاکان بکەین، دەبینین واتای ئەم زاراوەیە ئەگەر لای هەمووانیش، وەکیەک نەبێت، بەڵام واتاکە لای هەمووان لە یەکەوە نزیکە، بۆ نموونە لە فەرهەنگی (معاصر)دا هاتووە، کە ((نۆستالژیا: فەرەنسییە، دڵتەنگی، بەهۆی دووری لە وڵات، ژانی دووری لە وڵات)) بەکارهاتووە. (باطني و دیگران، ١٣٧٢، ١١٣)

لەزمانی عەرەبی و لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا "نۆستالژیا" بە واتاکانی" گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، یان گەڕانەوە بۆ نیشتمان هاتووە"، بۆ نموونە لە فەرهەنگی فەرەنسی – عەرەبی(المنهل الوسيط) لە بەرانبەر زاراوەی نۆستالژیا، گەڕانەوەکە تایبەت دەکات بۆ نیشتمان و بە هەستێکی بە نیشتمانی بوون باسیدەکات، واتە((حەزی گەڕانەوە بۆ نیشتمان و حەسرەتی گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو)). (ادريس، ٢٠٠٦، ٥٣٧)

لە فەرهەنگەکانی زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا، گرنگیی زۆر بە نۆستالژیا و ئەم بابەتە دراوە، ئەگەرچی زاراوەیەکی ئەورووپییە، بەڵام وەکو دیاردەیەکی ئەدەبی، توێژەر و نووسەر و ڕەخنەگرانی فارس بایەخی زۆریان بەم دیاردەیە داوە، ئەوانیش لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ئەورووپادا، هەمان زاراوەیان بۆ(Nostalgia) بەکارهێناوە، کە زاراوەی(نۆستالژی)یە. کەواتە لای فارسەکانیش هەر بە واتاکانی ((خەم و غوربەت، هەستکردن بە ناخۆشی و مەنفا و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، گەنجییەتی و مێردمنداڵی و مردن و مەرگ و ژیان و لەدەستدانی ئازیزان...)) دێت. (حییم، ١٣٧٥، ٦٦٩)

لە فەرهەنگە کوردییەکاندا ئەم زاراوەیە نەهاتووە، بەڵکو بە دەستەواژەی تر هاتووە، کە هەمان واتا و دەلالەتی زاراوەی (نۆستالژیا)دەدەن بە دەستەوە، وەکو غەمی وڵات، بیرەوەری کۆن، سۆزی غەریبی، گەڕانەوە بۆ سەردەمی باوک و باپیران، تاراوگە، مەنفا، ئەزموونی ژیان، سەردەمی منداڵی، نامۆیی و نامۆبوون، حەسرەتی دووری، یادەوەری هاوڕێیان و ......هتد، هەر چەندە ئەم وشە و زاراوانە ڕێکورەوان لە بەرانبەر زاراوەی (نۆستالژیا)دا، ناوەستن، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەییش بێ، هەڵگری واتا و دەلالەتی نۆستالژیا و بابەتی سەرەکیی نۆستالژیان. بۆ نموونە ئەگەر سەیری فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)ی "هەژار موکریانی" بکەین، لە چەند شوێنی جیاجیادا، چەند وشەیەکی بەکارهێناوە، کەوا زۆر نزیکن لە بابەتی نۆستالژیا و تەنانەت دەتوانین بڵێین: ڕێک خۆیەتی ئەمەش شتێکی ئاساییە و لەلای هەموو میللەتێک بوونی هەیە. ئەوەی لە فەرهەنگی(هەنبانە بۆرینە)دا هاتووە، بریتییە لە وشەکانی((نامۆیی، بیانی، غەریبە، غەوارە، یان نامۆیی: بێگانەیی)). (هەژار، ١٣٨٨، ٦٥٧). هەر لە هەمان فەرهەنگدا لە شوێنێکی دیکەدا، لە بەرانبەر وشەی(غەریب)دا، هاتووە((ئاوارە لە وڵات، بەستە زمان و گێلۆکە، گۆرانی خەمبارانە، سەیر، سەمەرە)). (هەژار، ١٣٨٨، ٥١٢). لەناو کوردەواریشدا، لەکۆندا لەلایەن باوک و باپیرانمانەوە بە زۆری وشەکانی (غەریبی و غەریبایەتی و غوربەت و دوورەوڵاتی و....هتد)، بەکارهاتوون. بۆ نموونە، حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

((قوری کۆیێ کەم بەسەر خۆما لە غوربەت

خەوم نایێ لە داخی موڵک و میللەت)) (میران، شارەزا، ٢٧٠٢، ١٩٣)

لەئەدەبی نوێ و هاوچەرخی کوردیدا، لەهەندێک فەرهەنگی زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا، کە لەم ساڵانەی دواییدا لەچاپدراون، لەبەرانبەر ئەم زاراوەیەدا، کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەیان بەکارهێناوە، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبیی کۆڕی زانیاری کورد لە کوردستان، لە بەرانبەر زاراوەی نۆستالژیا (Nostalgia)، دەستەواژەی ((سۆزی گەڕانەوە بۆ کوردستان))ی بەکارهێناوە. (لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٦، ٦٩)، کە ڕاستەوخۆ وەرگێڕانی دەستەواژە عەرەبییەکەیە، کە بریتییە لە (الحنين الى الوطن).

هەروەها سەرچاوەیەکی تریش لە بەرانبەر زاراوەی (نۆستالژیا)دا، دەڵێ: ((نۆستالجیا، نۆستالژیا، وشەیەکی یۆنانیی کۆنە و ئاماژە بۆ ئەو ئازار و ناخۆشییانە دەکات کە نەخۆش دووچاری دەبێت، بەهۆی سۆزی گەڕانەوەی بۆ ژینگەکەی خۆی و ترس لەوەی نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی شوێن و ژینگە بنەڕەتییەکەی، ئەم زاراوەیە بە مانا مەجازییەکەی، واتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، یان سۆز بۆ ڕابردوو، بۆ شوێنێ یەکەم)). (ئەسوەد، ٢٠١١، ٣٣٨)

**٣-١/١ چەمک و پێناسەی نۆستالژیا:**

ئەم زاراوەیە لە سەرەتادا پەیوەست بوو، بە بواری پزیشکی و سەر بە زانستی دەروونناسییە، بۆ چارەسەرکردنی سەربازەکان بەکاردەهات، کە بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لە خێزان و وڵاتی خۆیان تووشی جۆرێک لە نەخۆشی دەهاتن.

سەرچاوەی سەرەکی و رەگوریشەی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان، بەڵام لە گریک سەریهەڵنەدا، بەڵکو ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٦٨٨ز)، لە نامەی ئەکادیمی بواری پزیشکی قوتابی"یوهانس هوفر"ی سویسری دەرکەوت، کە دەیویست بە دانانی ئەم زاراوەیە((دیاردەی غەمگین بوون لە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتمانی باوک و باپیران، روون بکاتەوە، هەروەها"هوفر" زاراوەکانی(نوسومانیا و فیلۆپتری)یش، بۆ روونکردنەوەی هەمان نیشانە و حاڵەت پێشنیاز کردبوو)). (تقي زادە، ٢٠٢)

لهلایهکی ترهوە، "محەمەد فەریق حەسەن"لەبارەی نۆستالژیا و غوربەتەوە دەڵێت: ((سایکۆلۆجیای مرۆڤ هاڨ هەردەم وەهایە، ئەو لە وڵاتی غەریبی، ئەگەر لە دۆخێکی باشی تەندروستیدا بێ، دەرامەتێکی کۆکیشی هەبێ و تەواویش ئازاد بێ، هێشتا غەریی هەر غەریبییە ودووری نیشتمان دەردێکی گرانە.نیشتمان کالایەک نییە قەرەبوو بکرێتەوە)).(حەسەن،٢٠٠٨، ٥٢)

لەبەرئەوەی شیعر زۆر جار گەڕانەوەی شاعیر بووە بۆ سەردەمی منداڵی و قسەکردنێکی منداڵانەیە، لەبەرئەوەی شاعیران بە زمانێک دەنووسن، لە زمانی گەورەکاندا باو نییە، چونکە زمانی منداڵیش شاعیر ئاسا لە زمانی ئاسایی و باو ناچێت، زمانێکە پەیرەوی رێسا و یاساکانی زمان ناکات و لێیان لادەدات، هەر ئەمەشە وای لە "گۆستاڤ فلۆبێر" کردووە، بڵێت: ((شیعر گەڕانەوەیەکی دەستی ئەنقەستە بۆ منداڵی، گەڕانەوە بۆ منداڵی هەر گەڕانەوەیەکی سادە وساکار نییە و تەنیا دەکرێ بە کودەتایەکی شیعری بۆ تێکشکاندنی بنەماکانی زمان ئەنجامبدرێت، لێرەوە ئەو گەڕانەوەیە، گەڕانەوەیەکی نۆستالژییە)). (عەبدوڵا، ٢٠١٦، ٣٠_٣١)

کەواتە نۆستالژیا کردەیەکی تەنیایی و یادەوەری و گەڕانەوەییە، بۆ رابردوو و کارێکی پاسیڤییە، چونکە گریان و فرمێسک هەمیشە رەتکردنەوەی ئێستایە. "رێبوار سیوەیلی" لە بارەی نۆستالژیاوە دەڵێت: ((گریان دەمخاتە باوەشی تەنیاییەوە، لە گریاندا تەنیا دەبم...، گریان کردەیەکی پاسیڤە و لە پاسیڤبووندا خۆم دەپارێزم و ...، لە پاسیڤبووندا نۆستالژیا و یادەوەری پەلکێشم دەکەن و دڵم گەرم دەبێ و پاشان دەگریم...، گریان شێوازێکە بۆ یادکردنەوەی رابردوو لەسەر حیسابی ئێستا.)). (سیوەیلی، ٢٠٠٢، ٤١١)

نۆستالژیا هەمیشە لەگەڵ دووکاتدا هەڵدەکات، یان ئەوەتا گەڕانەوەیە بۆ رابردووی کۆن و بەسەرچوو، یان هانگاونانە بۆ داهاتوێکی نموونەیی و ئایندەیەکی گریمانەکراو، ئەمە جگە لە دروستکردنی شارێکی خەیاڵی و شارێک لە ئاییندەدا بۆی بچێت، شارێکی بەهەشت ئاسا بیت، دوور لە خەم و حەسرەت و ناخۆشی و چینایەتی و غوربەت و بێ نیشتمانی و....هتد، بێت.

"رێبوار سیوەیلی" لە پێشەکی کتێبی (لە ستایشی ئەدەبدا)، بەمجۆرە پێناسەی نۆستالژیا دەکات: ((نۆستالژیا گەڕانەوەیەکی پڕ مەترسییە بۆ رابردوو)). (کۆمەڵێ وتار، ٢٠٠١، ١١)، هەروەها پێی وایە، کەوا ((ئەوانەی تەنیا لە ئەدەبی پێشینەکاندا بۆ وەڵامی پرسیارەکان دەگەڕێن، لە نۆستالژیادا گیریان خواردووە، چونکە دەیانەوێ بە راکردن و چاونوقاندن لە ئێستا و تینەگەیشتن لە هەنووکە، "رابردوو" گەورەتر پیشان بدەن لەوەی کە هەیە)). (کۆمەڵێ وتار، ٢٠٠١، ١١)

دەتوانین بڵێین، نۆستالژیا و چەمکی نۆستالژیا جەخت لەسەر چەند لایەنێک دەکاتەوە وەک: ((کاتی رابردوو و کاتی ئاییندە و گریمانەکراو، خەون وراستی، شوێنی زێد و نیشتمانی باوک و باپیران، شوێنی نموونەیی و یۆتۆپیا، واقیع ورەتکردنەوەی واقیع)). (عەبدوڵا، ٤٤)

بەواتایەکی تر، نۆستالژیا کۆکردنەوەی دژەکانە، کۆکردنەوەی خۆڵەمێشی رابردووە، راکردنە لە واقیعی حاڵ، هەنگاونانە بۆ داهاتوو، پارێزگاریکردنە لە کولتوور و کەلەپووری نەتەوەیی و فرمێسک رشتنە بۆ نیشتمان و شین و رۆرۆیە بۆ لەدەستدانی ئازیزان، پێکەنین و شادی و خۆشی لە دەستچووی سەردەمی لاوێتی و قۆناغی مێردمنداڵییە، یاخی بوون و بەرگەگرتنە..... هتد.

## تەوەری دووەم: جۆرو تایبەتمەندییەکانی نۆستالژیا لەناو ئەدەبدا:

### ١-٢/١ جۆرەکانی نۆستالژیا لە ناو ئەدەبدا:

ڕەخنەگر و توێژەرانی بواری ئەدەب، لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە نوێکاندا، بەشێوەیەکی گشتی، دوو جۆر نۆستالژیایان لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەر و شاعیراندا دیاریکردووە، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: نۆستالژیای کەسی (خودی).

دووەم: نۆستالژیای گشتی(کۆ).

یەکەم: نۆستالژیای کەسی (خودی): شاعیر، یان نووسەر لەم جۆرە نۆستالژیایەدا، گرنگی بە ماوەیەکی زەمەنیی لە ژیان و بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی دەدات و لە بەرهەمەکەیدا دەیخاتەڕوو، باسی ئەو شوێنانە دەکات، کەوا تایبەتن بە خۆی و غوربەتی تاکەکەسی دروستدەکەن، واتە دەکرێت ئەو شوێنەی ئەو باسیدەکات، تەنیا بۆ خودی خۆی پێویست و گرنگ بێت و دەردەسەری و ناخۆشی و شادی و خۆشی تێدا بینیبێت و کۆمەڵێک ڕووداو لەم شوێنەدا ڕوویاندا بێت، کە هەر پەیوەست بن بە خودی خۆی و دەروونی شاعیرەوە، دەتوانین ئەو جۆرانەی نۆستالژیا، کە دەکەونە ژێر چەتری نۆستالژیای کەسییەوە، بەمجۆرە دیاریبکەین:

١- گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی.

٢- گەڕانەوە بۆ گەنجی و مێردمنداڵی.

٣- نۆستالژیای دووری لە دڵدار'مەعشوق'.

٤- نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ نیشتمان و غوربەتی دووری  لە وڵات و زێدی لە دایکبوون و گوند.

٥- نۆستالژیای پیری و بیرکردنەوە لە مردن و ترسی مەرگ.

٦- دووری لە بەهەشت و ژیانی هەمیشەیی، سۆفیگەری و غوربەتی ڕۆح.

٧- نۆستالژیای لە دەستدانی یەکێک لە ئازیزان و ئەندامانی خێزان و هاوڕێ کۆنەکانی ژیان، هەندێجار بەهۆی مردن و نەمانیانەوە نۆستالژیاکە دروست دەبێت، هەندێجاریش بە هۆی دووری و بیرکردنیانەوە.

٨- نۆستالژیای داهاتوو((ئاییندەیەکی پێشبینیکراو، یان گریمانەکراو)) لە ڕووی کاتەوە.

٩- پەنابردن بۆ دروستکردنی شارێکی نموونەیی((المدینة الفاضلة)) تێیدا هەست بە ئارامی و خۆشگوزەرانی بکات.

١٠- نۆستالژیای گەرانەوە بۆ سروشت.

دووەم: نۆستالژیای گشتی (کۆ): ئەمجۆرە نۆستالژیایە گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵێک بابەت و شتی گشتی، کە پەیوەندی بە گەڕانەوەی ڕابردوویەکی دووری ژیانی نەتەوەکەوە هەیە و گەڕانەوە و نۆستالژیای گشتین. کەواتە باس لە زەمەن و شوێنێکی کۆن و دوور دەکەن، باسی پاشا و ناوهێنانی شاعیرانی کۆنی نەتەوە و ڕووداوە مێژووییەکان و پاڵەوانە ئەفسانەییەکان و.....هتد، بابەتی سەرەکی نۆستالژیای گشتین، بەشێوەیکی گشتی نۆستالژیای گشتی بریتین لەمجۆرانە:

١- نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان.

٢- نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ شوێنەوارە کۆن و دێرینەکان.

٣- نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژوویی و نەتەوەییەکان.

٤- نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ داستانە دێرینەکان.

٥- نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان.

٦- نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان.

**١/٢/١-٢ تایبەتمەندییەکانی نۆستالژیا لەناو ئەدەبدا:**

بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەقانەی هەڵگری تارمایی نۆستالژین بناسینەوە، ڕەخنەگر و توێژەرانی ئەدەب کۆمەڵێك نیشانەیان، وەک نیشانە و خاسیەتی ئەدەبی نۆستالژی دیاریکردووە، بە پێویستی دەزانین لە خوارەوە بە چەند خاڵێك، ئاماژەیان پێبکەین:

((١- دڵتەنگی و بیرکردنەوە بۆ ڕابردوو، ڕابردوویەک، کە ئیتر لە دەستچووە و گەڕانەوەی شتێکی مەحاڵە.

٢- حەزێکی لە ڕادەبەدەر و شێتانەی گەڕانەوەیە بۆ وڵات، ئەمەش بەهۆی غوربەت و دووره وڵاتی و تاراوگە و مەنفا، یان هەستی نامۆیی و غەریبی، ئەگەر لەناو وڵاتیش بێت.

٣- گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و یادکردنەوەی ڕۆژە خۆشەکانی بە داخ و حەسرەتەوە.

٤- نووسینەوەی بیرەوەرییەکان بە ئەفسووس و حەسرەت خواستنەوە.

٥- گرنگیدان بە شوێنەوارە دێرینەکان، چونکە یادگاری ڕۆژانی ڕابردووی خۆشن و بە گەڕانەوە بۆیان، لە ئێستای بێتاقەتیدا، شاعیر دڵی خۆش دەبێت.

٦- ئەفسانەسازی و بەکارهێنانی ئەفسانەکان و زیندووکردنەوەی ئەفسانەکان، جا چ ئەفسانەی خۆماڵی بن، یان ئەفسانەی میللەتان.

٧- بە خەیاڵ وێناکردنی شاری نموونەیی"المدینه الفاظلة"، چونکە واقیعی تاڵ بەوە نەبێ لەبیر ناچێتەوە.

٨- سکاڵا کردن و ڕەتکردنەوەی ئێستا و یاخیبوون لێیەوە، هەروەها ئاوات خواستن بۆ داهاتوویەکی باشتر لە ڕابردوی ئێستادا)). (ایاد، ١٣٨٧، ١٥٧)

((٩- بەرەو باوەشی سروشت و گوند گەڕانەوە و یاخیبوون دژ بە ژیانی جەنجاڵی شار و شارستانییەت)). (پیرباڵ، ٢٠٠٩، ٦٣)

((١٠- باسی مردن و ژیان و پیری و مووی سپی و پاییزی تەمەن و بەهاری عومرە، هەمیشە بێزاربوون لە خراپییەکان و ڕاکردن بۆ ئەوانەی نەهاتوونەتە پێش و مایەی دڵخۆشی و لەبیرچوونەوەی ناخۆشییەکانن.

١١- لاوانەوەو شین و ڕۆڕۆ بۆ خۆشەویستان و دۆست و ئازیزان و کەسە نزیکەکانی ناو خێزان و ....هتد)). (عەبدوڵڵا، ٦٢)

((١٢- ئەلبوومی وێنەکان و سەیرکردنیان.

١٣- نامە و کەلوپەلەکانی دیاری نێوان دڵداران و ئازیز و هاوڕێیان و.....هتد.

١٤- دەفتەری بیرەوەری و یادگارییەکان.

١٥- مۆم و دوکەڵی جگەرە و خەیاڵی شەو.

١٦- مەشروب و جامی مەی و چای خەست.

١٧- کەناری دەریا و شەپۆلەکانی دەریا)). (نفیسی، ١٣٧٥، ٦٢_٦٣)

ئەمانە و چەندین دیمەن و شتی دیکە، لە ڕاستیدا نیشانە و ڕەمزەکانی ئەدەبی نۆستالژی زۆرن، بەڵام ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن لە نیشانە دیار و بەرچاوەکانی دەقی نۆستالژیان.

## بەشی دووەم

جۆرەکانی نۆستالژیا لە دیوانە شیعری (ملوانکەی هەزاردەنکەی شارباژێڕ)ی جەمال شارباژێڕیدا:

'ملوانکەی هەزاردەنکەی شارباژێڕ' شەشەمین کۆمەڵە شیعری چاپکراوی شاعیری نوێخوازی کورد'جەمال شارباژێڕی'یە، بریتییە لە دیوانێکی خنجیلانەی ١٤٤ لاپەڕەیی لە ساڵی ١٩٨٥ دا چاپکراوە، جگە لە پێشەکییەکی کورت بە پێنووسی شاعیر خۆی، بریتییە لەهەزار دێرە شیعر و بەسەر ٧٩ تەوەردا دابەشکراوە.

شیعرەکانی ئەم شاعیرە هەست ناسکە لەدەوری وەسفی ناوچەی شارباژێڕی زێدی خۆی و بیرەوەرییەکانیدا دەسوڕێتەوە و دەتوانین بڵێین، ئەم پرۆژە ئەدەبییەی شاعیر هەوڵدانێکە بۆ نووسینی 'ڕۆمانەشیعر' لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، پێشتریش وەک دەوترا:(( شیعری کوردی لە

شەستەکاندا لەگەڵ دەرکەوتنی 'جەمال شارباژێڕی' شێواز و ترپە و ئاواز و مۆسیقایەکی دەگمەنی بەخۆوە بینی، کە پێش ئەم بەخۆیەوەی نەبینیبوو)). (ڕەنجدەر، ٢٠١١، ٢١٧)، ئەوەی جێگەی باس و مەبەستی لێکۆڵینەوەیەی ئێمەیە، دەمانەوێت ئەو هەستە نۆستالژییەی کە لەم بەرهەمەدا هەستی پێدەکرێت، شیکردنەوەی لەبارەوە بکەین و هەندێ لەو جۆرانەی نۆستالژیا کە لە بەشی یەکەمدا دیاریمان کردن، لەم بەرهەمەی شاعیر'جەمال شارباژێڕی' دا بە وردی دەستنیشانیان بکەین و نموونەیان بۆ بهێنینەوە.

**١/٢ نۆستالژیای تاکە کەس'خودی':**

ئەمجۆرە نۆستالژییەی شاعیران گەڕانەوەیە بۆ خودی خۆی، سەردەمی منداڵی و گەنجییەتی و نەگەیشتن بە یار و خەم و غوربەتی نیشتمان و خەم و حەسرەتی دووری ئازیزان و لەدەستدانیان و خەمی داهاتوو و بنیاتنانی شارێکی نموونەیی لەخۆ دەگرێ، شاعیران بەم گەڕانەوەیە هەست و نەستێکی تاکە کەسی و خودی دەبەخشن، چونکە لەم جۆرە نۆستالژیایە هەر خۆی بەشدارە و خەم و حەسرەتەکان و خۆشی و شادییەکان پەیوەستن بە خودی شاعیر خۆیەوە، گرنگترین بەشەکانی ئەم جۆرەی نۆستالژیا لە خوارەوە دەخەینەڕوو:

**١-١/٢ نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی:**

منداڵی سەردەمی پاک و پاکیزەیی مرۆڤە، سەردەمی بێ گوناهی و فریشتە ئاسایە و هێشتا مرۆڤ دڵ و دەروونی بەڕق و کینە و فرِوفێڵی ژیان ژەنگیان هەڵنەهێناوە، منداڵی بەردەوام لەگەڵ مرۆڤدا دەژیت و لە بیری ناکات، لەم بارەیەوە 'ۆردزۆرث" دەڵێت: ((منداڵ باوکی پیاوە، واتە هەرچی لە منداڵیدا دەخرێتە سەر ڕووپەڕە سپی و بێگەردەکانی هۆش و دڵ، بە درێژایی تەمەن دەمێنێتەوە و کاردەکاتە سەر ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤ)). (میراودەلی، ١٩٨١، ١٧)، بۆیە شاعیران و نووسەران بە شێوەیەکی تایبەت و دیار هیوا و ئاواتی ئەو سەردەمە دەخوازن، ئەوەش بە ئومێدی پاککردنەوەی دڵ و دەروون و ناخیان لە هەستی تەنیایی و ژەنگی ژیان و .....هتد.

'جەمال شارباژێڕی" لە کۆمەڵە شیعری( ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ)دا لە زۆر شوێنیدا ئەم گەڕانەوەیەی بۆ سەردەمی منداڵی و پاکی و سادەیی خۆی ئەنجامداوە، دەڵێت:

چوارتای مەڵبەندی شیرینی و تاڵیم
نامۆیی ئەکەم بە پەرۆشەوە
چوارتای دۆشەک و لێفەی مناڵیم
تابمخاتەوە خەوی خۆشەوە (جەمال شارباژێڕی، ١٩٨٥، ١١)

**٢-١/٢ نۆستالژیای سەردەمی گەنجییەتی و خەمی نەگەیشتن بە یار:**

سەردەمی گەنجییەتی قۆناغێک دوای سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵییە، مرۆڤ لەم سەردەمەدا، کانیاوی حەز و ئارەزووەکانی بەرەو هەڵکشان و بەرزبوونەوە دەچێت و گەشەی مێشک و تەنانەت لە ڕووی جەستەشەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەندێشە و خەیاڵی فراوان دەبێت، بەمەش ڕامان و تێگەیشتنی بۆ شتەکان دەگۆڕێ و هەست بە خەم و ژان و بەرپرسیارییەتی ژیان دەکات و تووشی کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی نوێ دەبێت لە ژیاندا، بە تایبەتی لە بارەی بابەت و باسی عەشق و خۆشەویستی نیشتمان و شانازی کردن بە خود....هتد. هەر ئەمەشە وای لە زۆربەی شاعیران و نووسەران کردووە، دوای هەڵکشانی تەمەن و کاتێک پاییزی تەمەنیان بەرەو زەردی دەچێ، بە کوڵ بۆ ڕۆژانی گەنجییەتی خۆیان بگرین، بێگومان ئەگەر سەردەمی گەنجی پڕ خەم و حەسرەت و ئاخ هەڵکێشان بێت ئەوا گەڕانەوە و باسکردنی ئەو سەردەمە، دەبێتە هۆی خەم و حەسرەتخواردن و ژانی بێ دەرمان و ئێشی نەبڕاوە، وا ئەم حەسرەتەش هەر نۆستالژیایە و هەڵگری فەزای نۆستالژییە.

خۆشەویستی و عەشق لە تایبەتمەندییەکانی دنیای مرۆڤەکانە، عەشق ئاگرە و دڵ وگیان گڕتێبەردەدات و دەیسووتێنێ، عەشق خەم و ژانە،

لە نۆستالژیای سەردەمی گەنجی و عەشقی ناکام و نەگەیشتن بە دڵدار و دڵبەر دا، زیاتر باس لە بێوەفایی و پەیمان شکێنی و حەسرەتی بوونی ڕۆژانێک لەگەڵ یار و جێگەیب ژوان و .....هتد کراوە، ئەمانە چەند وشە و دەستەواژەیەکن، کە هەڵگری واتای نۆستالژی و گەڕانەوەی یاد و بیرەوەری نۆستالژیان.

"جەمال شارباژێڕی" وەکو شاعیرێکی پڕ لە حەسرەت و بە ئاوات نەگەیشتوو، زۆربەی کات لە ناو دەقە شیعرییەکانیدا گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی لاویەتی، چونکە هیچ مرۆڤێک نییە، ژیانی گەنجییەتی پڕ نەبێت لە بیرەوەری و یادگاری تاڵ و شیرین، شاعیر لە چەند چوارینەیەکیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجییەتی و ئەوکاتانەی ئەشق و خۆشەویستی خۆی پێدەناسێنێ و ژیانی دەکاتە ژان و خەم و تاڵی عەشق، سەرەتا بەمجۆرە باسی یەکەم دیدار دەکات و پێی وایە کە ئەم عەشقە تازەیەی خەم و تاڵییەکانی عەشقی یەکەمجاری بیر دەباتەوە و بە تاسەوە دەڵێت:

لە موچەیەکی چاوی چامەدا
یادێکی زێڕین قژی لا ئەدا
کچێک خۆی پیشان دەمی خامەدا
لکی هەستمی بەملا ئەدا
***
وام زانی کە ئەم ئەمخوێنێتەوە
برینەکانم لای سارێژ ئەبێ
جێی ئەوی ترم بۆ ئەگرێتەوە
یادگاریی کۆن سەرەولێژ ئەبێ
***
چاوی بەڵێنێک ئەبینا و کوێر بوو
هیوایەک هەر زوو جوانەمەرگ بوو
خاوەنی بەڵێن بەرەو هەڵدێر چوو
خزمی نزیکتر، داخی جەرگ بوو (جەمال شارباژێڕی، ١٩٨٥، ١٠١_١٠٢)

**٣-١/٢ نۆستالژیای خەم و غوربەتی نیشتمان:**

گرنگترین و بەژانترین ئەزموون، کە ژیان قورس و ناخۆش دەکات، تەنیایی و غوربەتە. ژیان لە دەرەوەی وڵات و هەستکردن بە پەیوەست بوون بە شار و وڵات و گوند و گەڕەک و هەموو کوچە و کۆڵانەکانی وڵات، دەبێتە پارچەیەک لە بەهەشت لە دید و ئەندێشە و خەیاڵی شاعیردا لە تاراوگە و غەریبیدا، هەموو شتێک، بایەک، هەناسەیەکی یار، نیگایەک، بۆنێک و ....هتد، هەموو ئەمانە بۆ شکاندنی تاسەی دووری و پڕکردنەوەی ئەم حەسرەتە، لەلای شاعیر پیرۆزە و مایەی تێرامان و دڵدانەوەیەتی.

بەپێی بیروبۆچوونی دەروونناسان، خەمی غوربەت حاڵەت و خەم و ژانێکە، کە بە هۆی جیابوونەوەیەکی دوور لە چاوەڕوانی، یان چاوەڕوانکراو لە ماڵ و وڵات دروست دەبێت. بە واتایەکی تر(( هەستی غوربەت حاڵەتێکی هەڵپڕمان و بزوێنەری ناساوی هەیە، پیشاندەری غەمگینییە، حەزکردن بە گەڕانەوە بۆ ماڵ و ماندووبوون لە بیرکردنەوە و خەون و خەیاڵی مانەوە لە زێد و گوند و شار و وڵاتەکەی، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە خۆشەویستان و شوێنە ئاشناکان)). (عەبدوڵڵا، ٢٥٩_٢٦٠)

شاعیرانی کورد، بەرهەمەکانیان بێبەش نین لە دەقی خەم و غوربەتی نیشتمان، ئەم شاعیرەی ئێمەش وەرمانگرتووە و کاری لەسەر دەکەین

بەرهەمەکانی پڕن لە غوربەت و دووری نیشتمان و گریان و فرمێسکڕشتن بۆ خاک و خۆڵی وڵات و ئاو و کانی و دەشتودەر و چیا و سەرجەم کون و قوژبنێکی ئەم وڵاتەی کە لێیەوە دوورە.

نۆستالژیای خەم و حەسرەت و ژان و ئێش و ئازاری وڵات لای 'جەمال شارباژێڕی' بە تایبەت لە دیوانی' ملوانکەی هەزاردەنکەی شارباژێڕ"دا جیاوازە و ڕوانگە و دید و دیدگایەکی تری هەیە و غەریبی و غوربەتەکەی غەریبی و غوربەتی ناخ و تەنیاییە، بە تایبەتی ئەوکاتەی، کە لە زێد و ناوچەکەی خۆی (شارباژێڕ) وە لە شارۆچکەکەی (چوارتا) دووردەکەوێتەوە، شاعیر و خانەوادەکەی دەگوازنەوە بۆ شاری سلێمانی، هەروەک خۆی لە پێشەکی دیوانەکەیدا ئاماژەی پێدەدات و دەڵێت: ((سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٤ لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەمدا بەرامبەر سینەمای ڕەشید دانیشتبووم، لەو نهۆمەدا کەسەردەمێک ئوتێلی شەهرزادیان پێ ئەوت، دایەرەی ئاو بۆ کارگێڕانی بەکرێ گرتبوو، منیش تازە لە کارگەی شەکرەوە گوێزرابوومەوە بۆ ئەوێ. بیرەوەری سالآنی سەرەتای ژیانی چوارتام هاتە ورۆژان... ئەو ڕۆژە ژمارە'یەک' ی هۆنراوەکەم نووسی، ڕۆژانی داهاتوو بەرەبەرە و دەنکە دەنکە ئەهاتنە ناو ڕشتەکەوە)). (شارباژێڕی، ١٩٨٥، ٥)، بۆیە شاعیر بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ زێد و ئەو شوێنانەی تێیدا لە دایکبووە و سەردەمی منداڵی و گەنجیتی تێدا بەسەر بردووە، ئەم گەڕانەوە و غوربەتە زیاتر لەم دیوانەیدا(ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ) دا بە ئاشکرا دیارە و پێکهاتە و بنیاتی دەقەکەی پێکهێناوە، گەر سەیری دیوانی ناوبراو بکەین دەبینین شاعیر ناوی گەلێ شوێنی ناوچەی شارباژێڕ دەهێنێت کە شاعیر سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵی و گەنجێتی خۆی تێدا بەسەربردووە و هەموویان بوونەتە شوێنێک تژی لە یادگاری بۆ شاعیر، بە تایبەت شارۆچکەی "چوارتا' و گوندی 'واژە' کە شوێنی لە دایکبوون و سەردەمی منداڵی و گەنجێتی شاعیر بووە زۆر ناویان هاتووە، لە پاڵ ناوی دەیان شوێنی تری ناوچەی شارباژێڕدا، لەسەرەتای هەڵدانەوەی دیوانەکەی شاعیردا، بە دابڕان و دووری و دەردی نۆستالژی، بە خەم و حەسرەتی دووری لە زێدی لە دایکبوونی خۆیمان پێدەناسێنێت و دەڵێت:

تەلبەندی خەمێک گیانی تەنیوم
چاوە چاوێتی بۆ کەلەبەرێ
ئای کە دەمێکە چوارتا نەیدیوم
ئاخ بۆ ڕابەرێ هانای من بەرێ
***
چوارتای مەڵبەندی شیرینی و تاڵیم
نامۆیی ئەکەم بە پەرۆشەوە
چوارتای دۆشەک و لێفەی منالیم
تا بمخاتەوە خەوی خۆشەوە
***
چوارتای سەرەتای دێری داستانم
تا بمکاتەوە باوەشی گەرمی
چوارتای دۆستان و خۆشەویستانم
بەسەرما بێنێ دەستێکی نەرمی
***
چوارتا ئاخ چوارتا، چوارتا داخ چوارتا
نیوە خنکاوی نێو تەم و مژم

کەی بەناو باخچە و ڕەزی بنارتا

تێر بڕۆم و بێم، تێر هەڵت مژم (جەمال شارباژێڕی، ١٩٨٥، ١١_١٢)

شاعیر سیفەتی بەکەس بوون دەدا بە چوارتا و لە ڕێی هونەری (خواستن) کە هونەرێکی بەرزی ڕەوانبێژییە چاو دەبەخشێت بە چوارتا، کە دەڵێت ( ئای کە دەمێکە چوارتا نەیدیوم) ئەمە دەربڕینێکی نوێیە و خوڵقاندوویەتی و چاوی لەوەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان بچێتەوە چوارتا و لەوێ دەستێکی نەرم بەسەریدا بهێنێ، شاعیر ئاواتەخوازە تا نیوە گیانێکی تیاماوە پیاسەیەک بە ناو باخچە و ڕەزەکانیدا بکات، گەر ئەوکات گیانیش بسپێرێت ئاسوودەیە.

**٤-١/٢ نۆستالژیای خەم و حەسرەتی دووریی ئازیزان و لە دەستدانیان:**

ئەمجۆرە نۆستالژیایەش، یەکێکە لە جۆرە دیارەکانی نۆستالژیای تاک، ئەمەش بە دوو شێوە لە ناو شیعرەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە:

أ) نۆستالژیای خەم و دووری لە ئازیزانی ناوخێزان، جا چ وەک لاواندنەوە و لەدەستدانیان دوای مردنیان، یان وەکو بیرەوەری و لێ دووربوونیان لە شاعیر.

ب) نۆستالژیا و دووری و یادی هاوڕێیان و سۆزی مردن و لاواندنەوە، ئەوەش یان ئەوەتا هاوڕێکان هاوڕێی شاعیرن وکەسی ئاسایین، یان ئەو هاوڕێیانە هاوڕێ و هونەرمەند و شاعیر و نووسەرن، جا چ وەک ئەوەی لە ژیاندا نەماون، یان ماون و ئێستا لە شاعیر دوورن و شاعیر هەست بە دووریان دەکات و دەگەڕێتەوە یاد و بیرەوەریان و ئەو ڕۆژانەی لەگەڵ یەکتر بوون لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیاندا.

دەگوترێت: ((بەرزترین و مەزنترین شێوەی لاواندنەوە خۆی لە شیعردا دەبینێتەوە، چونکە شیعر دەمێنێ و ناوەکان دەپارێزێ)). (ڕەفیق، ٢٠١٤، ٢٤). بیرەوەری و هەستی غوربەت لاواندنەوە و یاد و بیرەوەری خۆشەویستان لە ئەدەبی کوردیدا بەشێکی زۆری ناوەڕۆک و پێکهاتەی دەق شاعیرانی داگیرکردووە، 'جەمال شارباژێڕی'یش بەتایبەت لەم دیوانەیدا بەدەر نییە لەم ناوەڕۆکە شیعرییە، کە هەڵگری چەمک و واتای قوڵی نۆستالژیا و هەست و سۆزی غەریبی شاعیر دەروروژێنێت و دواجار دەقێکی تراژیدی و پڕ لە فرمێسک و لاواندنەوە دێتە بەرهەم.

بۆ لاواندنەوە و لە دەستدانی ئازیزانی ناو خێزان، لەم بەرهەمەی شاعیردا دوو ناو دێتە بەر چاومان کە شاعیر دەیانلاوێنێتەوە، ئەوانیش"وەهاب'ی برای و 'باپیرە عارف' یێتی.

"جەمال شارباژێڕی" وەک خوێندکارێک لە سلێمانی دەیخوێند، دوور بوو لە خوشک و براو کەسوکاری، بۆیە زۆر ئاگاداری هەواڵی خۆش و ناخۆشیان نەبووە، هەر بۆیە کاتێ براکەی کۆچی دوایی دەکات، ئاگادر نابێت، ئەم خەمە لە کۆڵ شاعیر نابێتەوە و هەناسی ساردی بۆ هەڵدەکێشێت، وەک خۆی زیاتر ڕوونکردنەوەمان دەداتێ و دەڵێ: (( وەهاب، برام بوو لە چوارساڵیدا ساڵی ١٩٥٦ کە خۆم لە سلێمانی ئەمخوێند تەمەنی درێژی بۆ ئێوە بەجێ هێشت، ئاگاداریان نەکردبووم تا لە سەردانێکا هاتمەوە، یا ئەو ڕۆژەی ئەمرم دیمەنی لە یادما ناسڕێتەوە و هەر هەناسەی بۆ هەڵ ئەکێشم)). (شارباژێڕی، ١٩٨٥، ١٥٠)، بۆ لاواندنەوەی مەرگی براکەی، شاعیر بەمجۆرە دەنووسێت:

بۆ گڵکۆی(وەهاب) چەپکێ گوڵ بەرم

باوەشێ بکەم تێر بە گەردنیا

هەڵڕێژم مشتێ فرمێسکی نەرم

کە بێ ئاگا بووم لە کۆچ کردنیا

***

براگیان ئێستاش چاوی کاڵی گەش

هەروەکو جاران ئەگریتە دیدەم

ئێستاش سێبەری چیای گەردن کەش

وەکو پۆپەشمین بەسەرتا دەدەم

***

لە کوێ بتکەمە قەڵاندۆشکانم

بتگێڕم وەکوو دەروێش و کەشکۆڵ

ئاخ کەسەکەم داخ پشتت شکانم

بۆچ.. ورک ناگری و ناگری بۆکۆڵ (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ٢٥_٢٦)

شاعیر بۆ کۆچی (باپیرە عارف)یشی بەمجۆرە دەیلاوێنێتەوەو دەڵێت:

باپیرە عارف، نەک هەر باپیر بوو

بابە گیانم بوو.. سەردەمی کاڵی

پەڵپ و گرۆزم لەکن ئەو ژیر بوو

ئەو ئەیگرتەوە بۆم هەردوو باڵی (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ٢٧)

جگە لە کۆچی ئازیزانی ناو خێزانی، شاعیر لاواندنەوەی بۆ خزم و کەسەکانی تری ناوچەکەی کردووە و ناویانی پەیوەست کردووە بە شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونیان، لەگەل ناوهێنانی شوێنی ژیانیاندا، یادێکی لەوکەسانەش کردووە کە کۆچی دواییان کردووە و لە ژیاندا نەماون، شاعیر بۆ ئەم یادکردنەوەیە سەرەتای گەشتەکەی لە (واژە)وە دەستپێدەکات، کە شوێنی لەدایکبوونی بووە. شاعیر دەڵێت: "واژە لانەی لە دایکبوونی خۆمە، باپیرە عارفم و مامە مارفم و نەنکم و خزمانی ترم لەوێ نێژراون". (شارباژێری، ١٩٨٥، ١٥٧)

باوەشی کسپە بەرم لەگەڵ خۆم

بۆ واژەی لانەی چاو هەڵهێنانم

دایبگیرسێنێ، کەشەفیەک مۆم

بژمێرێ ساڵە ئاوارەکانم

### ٢/١-٥ نۆستالژیای داهاتوو/ئاییندەسازیی (داهاتووی نموونەیی):

یەکێک لە بنەماکانی قوتابخانە و رێبازی رۆمانسیزم، دڵتەنگی شاعیرە بۆ داهاتوویەکی نموونەیی و بێ وێنە، چونکە نووسەر و شاعیر جگە لەوەی، کە باسی دڵتەنگی و حەسرەتی رابردوو دەکات و تووشی خەم و ژان و ئازار دەبێت، ئەوا ئاواتی داهاتوویەکی خۆشتر و گەش و رووناکتر بۆ خۆی و خەڵکی ناوچەکەشی دەخوازێت و مەلی خەیاڵی بەرەو داهاتوو هەڵدەفرێت، بە ئومێدی گەڕان و دۆزینەوەی ئەم داهاتووە پڕ لە سەرکەوتن و گریمانەکراوەی شاعیر.

'جەمال شارباژێری' شاعیرێکی ئاییندەخوازی خاوەن دیدگا و ئاواتەخوازی داهاتوویەکی باشتر و گەشاوەترە، ئەمەش بووەتە هۆی داهێنانی کۆمەڵێک دەقی جوان لە بارەی نۆستالژیای خەم و حەسرەتی داهاتوو، بۆ خۆی و نەتەوەکەی، چونکە شاعیر هەمیشە بە هیوای داهاتوویەکی باشتر هەنگاوی ناوە و گەش بین بووە، شاعیر هەوڵی داوە و دەیەوێت لە رێگەی خوێندن و بەردەوام بوون لە خوێندن سەرەڕای هەژاری

و دەستکورتی و پشتگیری نەکردن، هەر بەردەوام بێت و بگات بە ئایندەیەی کە خۆی دەیەوێت، چونکە لە راستیدا سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی کە دێتە بەردەم شاعیر و تێپەڕاندنیان، سووربوون و هەوڵدانی بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندن دەلالەتی هەنگاونانە بۆ داهاتوو و ئایندەخوازی، وە سێبەری بەسەر زۆر دەقی شاعیردا کێشاوە و وەکوو ناوەرۆکێکی دیار کاری لەسەر کردووە و هەوڵی داوە بەرجەستەیان بکات لەناو شیعرەکانیدا، بۆ نموونە لە چەند چوارینەیەکیدا دەڵێت:

دووساڵ لەسەریەک خوێندکاری پۆلی
پێنجی قۆناغی سەرەتایی بووم
جۆگەلەی وانەم ئەچوونە گۆلی
لە بیرچوونەوەی راوەستاوی شووم
***
دانی پیائەنێم، بۆیە دەرنەچووم
برسێتی ژانی ئەژاند لە سەرما
لەو رۆژانەشا لە پۆل نە ئەبووم
ماڵەوە ئەرکی ئەرژاند بە سەرما (جهمال شارباژێری، ١٩٨٥، ٥٨_٥٩)

وەک لە چوارینەکانی تردا دەردەکەوێت، شاعیر بۆ بەردەوامبوونی لەسەر خوێندن، چەندین ئیشی گران و قورسی کردووە، لە پێناوی گەیشتنە دوا پلەی خوێندن و بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش بۆ خۆی، بۆ ئەوەی بتوانێت ژیانێکی باشتر بژی لەوەی، کە هەیەتی، بە رەنج و ماندووبوونی خۆی هەنگاوی بۆ قۆناغێکی تر خوێندن هاویشت و دەڵێت:

پەنجەی دەستێکم هەر پێنجی ژمارد
پەنجەی دەستەکەی تر کردی بە شەش
ساڵی کۆتاییم.. بە مێژوو سپارد
ناوەندی هیوای گرتمە باوەش (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ٦٨)

**٦-١/٢ نۆستالژیای شاری نموونەیی'المدینة الفاضلة" یۆتۆپیا:**

بیرۆکەی بوونی شاری نموونەیی لە بیرۆکە و ئەندێشەی خەیاڵی مرۆڤە لە بەرانبەر سەختی و ئاڵۆزییەکانی ژیان و رۆژگاردا، جونکە مرۆڤ دوای بێزاربوون لەو ژینگە و شوێنەی تێیدا دەژی، کاتێ هەست بە غەریبی و نامۆبوون دەکات، ئەوا ئومێد و هیوای شوێن و شارێکی تر دەکات، کە دووربێت لە خەم و ژان و ئازار، شارێک بێت بەهەشت ئاسا و ئازادی و بەختەوەری تێدا دەست بکەوێت.

'جەمال شارباژێری' شاعیرێکی هەست ناسک و ئەوینداری نیشتمانە، بۆیە لە روانگەی ئەوەوە شار یان ناوچەی نموونەیی و جوان و بەهەشت ئاسا، ئەگەر هەبێ لە جیهاندا، ئەوا بێگومان(کوردستان) ە و لەناو کوردستانیشدا ناوچەی شارباژێڕە، واتە ئەوکاتێ لە شاری(سلێمانی) هەست بە غەریبی و ئازار دەکات تەنیا شوێنیک سەبووری بێت بۆ دڵی پڕ ژانی ناوچەکەی خۆیەتی بۆیە ملوانکەی هۆنراوەی بۆ دەهۆنێتەوەو، ئەو ملوانکە هەزار دەنکەی شارباژێڕ دەکاتە دیاری گەردنی سێ ناوچەکانی تری کوردستان، هەروەک شاعیر لە (پێشکەش)ی دیوانەکەیدا دەڵێت:

تۆوی پریاسکەی
بیری هەڵبژێر

ئەچێنم لە ژێر..
گوڵ خونچەکانی.. باخچەکانی تر
ملوانکەی هەزاردەنکەی شارباژێر
ئەکەمە دیاری..
گەردنی سپی .. ناوچەکانی تر
***
کوڕ وەک تەزبیح و کچ وەک ملوانکە
بیکەنە دەست و ملیان ئەم و ئەو
بشگاتە گەردن دارینی لانکە
ساوا بخاتە شنە و خەندە و خەو (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ٩)

**٧-١/٢ نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سروشت:**

گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشت، ناوەرۆکێکی دیار و گرنگی شیعر و شاعیرانی رۆمانسییە، چونکە پێیانوابوو، بۆخۆ رزگارکردن و هەڵاتن لەو ژیانە پڕ لە کێشە و گرفتەی سەردەم، کە زیاتر رەشبینی و نائومێدی رووی لە شاعیران کرد، بۆ ئەمەش گەڕانەوە بۆ سروشتیان بە یەکێک لە چارەسەرە هەرە گرنگەکان دادەنا، نۆستالژیا و گەڕانەوە بۆ سروشت و ژیانی کۆنی گوند و چیا و دەشت و کانی و رووبار و شوانکاری و ....هتد، باسێکی باش و کاریگەرە بۆ خۆبەتاڵکردنەوە لەو خەم و ژانەی، لە دڵ و دەروون و ناخی مرۆڤدا هەیە.

ئەزموونی گەڕانەوە بۆ سروشت و جوانی و دیارییەکانی سروشت بۆ مرۆڤ، بە شێوازێکی تایبەتی خۆی دەخاتە بەرنامەی کاری دەقەکانی 'جەمال شارباژێری' بەتایبەت لەم دیوانەیدا، کە تێیدا سروشتی جوانی شارباژێر بە گوند و شاخ و کانیاو و دەشت و دار و بەردییەوە ئامادەیی باشیان هەیە و بەشێکی زۆر لە چوارینەکانی بۆ تەرخانکراوە، بۆنموونە لە هەستی گەڕانەوە بۆ سروشتدا دەڵێت:

شەیدام بۆ گەشتی (سەرسیر و گردی)*
لەسەر تەپۆڵکێ دایدەم ئانیشکێ
دار و دەوەنی گیا و گڵ و گەردی
ماچ کەم بە نیگام، تا... تاسەم ئەشکێ
***
لە کانیلەی ژێر کەڵەژی شۆڕا
کە قونار پڕچ و توترک نینۆک
دێنێ بەسەری دەم و چاو شۆڕا
وەک جوتیارێکی تینو دادەم چۆک (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ١٣)

* سەرسیر و گردی، دوو سەیرانگان، کە دەکەونە ژووررووی چوارتاوە.

### ٢/٢ نۆستالژیای گشتی/ کۆ(جمعی):

ئەمجۆرە نۆستالژییەی شاعیران گەڕانەوەیە بۆ مێژووی نەتەوەیی و ئەفسانە کۆنەکان و کولتوور و کەلەپووری کۆنی نەتەوەیی، شوێنەوار و کەسایەتییە ئایینی و سیاسی و مێژووییەکانی و شاعیرانی نەتەوەیی و ڕووداو و بەسەرهاتە سیاسییەکانی نەتەوەیی لەخۆ دەگرێ، شاعیران بەم گەڕانەوەیە هەست و نەستێکی کۆ و گشتی دەبەخشن، چونکە لەم جۆرە نۆستالژیایە هەموو خەڵک بەشدارە و خەم و حەسرەتەکان و خۆشی و شادییەکان پەیوەستن بە تەواوی کۆمەڵگەوە، گرنگترین بەشەکانی ئەم جۆرەی نۆستالژیا لە خوارەوە دەخەینەڕوو:

### ١-٢/٢ نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ شوێنەوارە کۆن و دێرینەکان:

گەڕانەوەی شاعیران بۆ شوێنەوارە کۆن و دێرینەکانی وڵات، بەردەوام دەبێتە هۆی ئاوڕدانەوە و دووبارە زیندووکردنەوەی ئەم شوێنەوارە کۆن و دێرینانە لە ناخ و ویژدانی شاعیران، بەمەش دەقێکی نۆستالژیی کۆ دێتەبەرهەم. 'جەمال شارباژێری' لەم بەرهەمەیدا، شوێنەوارە دیرینەکانی ناو 'چوارتا' و تەنانەت ناوچەکەی'شارباژێڕ' بە شێوەیەکی جوان تەوزیف کردووە، لەم بەرهەمەیدا ئەم جۆرە گەڕانەوەیەی ئەنجامداوە، ئەوەش بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی و بۆ گەیاندنی ئەو فەزایەی دەیەوێ بیگەیەنێ، شاعیر هیچ کات ئەو شوێنەوارە دێرین و ڕابردووە کۆنانە لەبیر ناکات، ئەوەتا دەگووترێت:(( هەر کەسێ بێ کەلەپوور و یادگار بژی، شاعیر بێ ئەو شتانە ئۆقرەی نییە و لاوک بۆ ڕابردوو دەڵێ، ئێستای درێژەپێدانی ئەوسایە)). (فەتاح، ٢٠١٣، ١٤٦)

هەر بۆیە شاعیر لەم بەرهەمەیدا، دەگەڕێتەوە بۆ (چنارەگەورەو پیراڵک) [(چنارەگەورە: سوورەچنارێکی قەد ئەستوور بووە. پیراڵکی چوارتا: نزرگەیهکبووهو بەسەر شەقامی چوارتادا ڕوانیویەتی. (شارباژێری، ١٩٨٥، ١٥٢، ١٤٩-١٥٠)]، چونکە ئەوانە بۆ شاعیر ڕەمزی شارۆچکەی چوارتان، هێما و نیشانەی بینین و ڕێ نیشاندەرن، بۆیە شاعیر بە یادکردنەوەیان هەست بە پڕکردنەوەی بۆشایی ناخی دەکات، بە تایبەت لە وەسفی'چنارەگەورە'دا، کە چۆن"قەڵا و منارە' بوونەتە ناسنامەی'هەولێر' بەهەمان شێوە"چنارەگەورە'ش بۆ 'چوارتا' بەوجۆرەیە، هەر بۆیە شاعیر لە بەرهەمەکەیدا بەشێکی تایبەتی بە ناوی'چنارەگەورە' بۆ تەرخانکردووە، کە لە چەند چوارینەیەکیدا دەڵێت:

سورەچناری سەرمایە و سایە
بازۆڵەی پتەو .. هەتا بتەوێ
سەدان لق لاق لە قەدیدایە
قەت قۆڵ و باڵی باڵای نانەوێ
***
سورەچناری پیرەکچی شەنگ
لە عەشق و عیشوە و نازی ناکەوێ
هەتا ساڵ بێت و ساڵ بڕوا ئاهەنگ
لە دەم و دیدە و دڵیا .. ناخەوێ
***
خۆی هەڵکردوە و پێی لە ئاودایە
ئەم و ئەو ئەشوا بەم دەست و بەودەست
ورد و درشتی لەناو چاوایە
بە خەندەی لێویان دڵشادە و سەرمەست (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ٤٨_٤٩)

**٢-٢/٢ نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژوویی و نەتەوەییەکان:**

ئەمجۆرە نۆستالژیایە، کهگەڕانەوەیە بۆ کەسایەتییە مێژوویی و نەتەوەییەکان، بەچەند جۆرێک لای شاعیران ئەنجامدراوە، یان ئەوەتا کەسایەتییەکان کەسایەتی مێژووین، یان شاعیرانی کۆنی کۆچکردووی نەتەوەین، یان هونەرمەند و گۆرانیبێژی میللی، یان کەسایەتی سیاسی و شۆڕشگێڕن، یان کەسایەتی و پیاوی ئایینین و....هتد، کەواتە ئەمجۆرە گەڕانەوەیە، بریتییە لە ((هێنانی کەسایەتییەکان، لە ڕێگەی ناوهێنانییەوە، یان ناوهێنانی ناوبانگەکەی بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە، پێویستە ئەو کەسایەتییانە لە سیاقی شیعرەکەدا، وەک سیمای کەسی، یان گشتی بەکاربێن، چونکە ئەگەر لە دەقەکەدا نەبن، ئەوا ئەو دەقە توانای کۆدی ڕەمزی و کاریگەری شیعری لە دەست دەدات)). (عەبدوڵڵا، ٣٦٠)، بۆیە بەکارهێنان و دووبارە ناوهێنانیان لەلایەن شاعیرانەوە، جوانی و ئێستێتیکای دەقەکە زیاتر و بەهێزتر دەکات، بەمەش شاعیران لەناو شیعرەکانی خۆیاندا دایانمەزراندووە، ئەمەش لەلایەک وەک ئیلهامبەخش بووە بۆ شاعیر، لەلایەکی ترەوە بۆ مەبەستی یادەوەری و بیرهێنانەوەی هەڵوێستێک، یان کار و کردەوەیەکی بۆ نەتەوەکەی کردووە، شاعیر دەیکات بە نموونەیەک بۆ پەند و ئامۆژگاری بۆ نەوەی نوێ و خەڵکی وڵاتەکەی.

ئەمجۆرە گەڕانەوەیە لای"جەمال شارباژێڕی" شێوەیەکی تایبەت و فروانتری بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەت لەم بەرهەمەیدا، شاعیر زۆربەی ئەو کەسایەتیانەی کە باسیان دەکات و بۆیان گەڕاوەتەوە، هەندێکیان هاوڕێ و ڕەفیقی شاعیرن و ئەوسەردەمە لە ژیاندا مابوون و بەشێکی ژیانی خۆی لەگەڵیاندا و بۆ ئەو ناوچانەی شارباژێڕ کە گەشتی بۆ کردوون بەسەر بردووە و بیرەوەری و یادگاری تایبەتی ئەو کەسایەتیانەی باسکردوون و بەشێکی بەرهەمەکەی بە ناوی"دانیشتوان و هەندێ بابەتی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە" بۆ تەرخانکردووە، بەڵام هەندێکیان کەسایەتی گشتین و ڕەمز و هێمای نەتەوەین، شاعیر بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی لە ناو دەقەکاندا ناویان دەهێنێت و شیعرەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند و ڕەنگین کردووە، شاعیر هەوڵی داوە لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئەم کەسایەتیانەی وەک(فەرەیدوون عەلی ئەمین، گۆران، پیرەمێرد، شێخ مارفی نۆدێ، شێخ مەحموودی نەمر، بێکەس، شەکیب، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، نەجمەدین مەلا، ڕەمزی، مەحوی، عەلی مەردان، ئیبراهیم پاشای بابان، فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و کاکەی فەللاح)خەمەکانی خۆی و دەروونی خۆی بەتاڵ بکاتەوە، لە ناخۆشی و خەم و ژانی غوربەت و تەنیایی خۆی ڕزگاربکات، بۆ نموونە هەرکاتێ ناوی سوێنێک دەهینیت یادی کەسایەتییەکی دیاری ئەو شوێنە دەکات و بەسەری دەکاتەوە، بۆ نموونە لە سەردانیدا بۆگوندی 'واژە' یادێکی 'شەکیب' دەکات و دەڵێت:

گوڵێکی نەرگس، بدەم لە قژی
لەیلای (شەکیب)* ی دڵدار و دانا
کە چاوەکانی ئەو بوو نوقورچی
ئەگرت لەو دڵەی خۆی لەسەر دانا (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ٩٥)

* مەلا فەرەجی شەکیب: شاعیرێکی پایەبەرز بوو، لەیلا و مەجنون بەرهەمی زادەی بیری خۆیەتی، نەک وەرگێڕان، بەڵام لەژێر تەئسیری ئەسڵەکەدا، هەروەها شیعری زۆری تری هەیە. بڕوانە: جەمال شارباژێری (١٩٨٥: ١٥٧)

هەروەها لە سەردانیدا بۆ گوندی'ڕەشەکانی" (کە گوندێکە، شوێنی لهدایکبوونی نەجمەدین مەلایە. (سهرچاوهی پێشوو، ١٥٩)، یادی'نەجمەدین مەلا' دەکات و دەڵێت:

لە (ڕەشەکانی) ، چاو ڕەشەکانی
چامەی کەشکۆڵی(نەجمەدین مەلا) ن

بدەم لە چیا سەرکەشەکانی

ئەنوارنە سەر سیوەیل و ئالان (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ١٠٤)

هەروەها لە گەشتەکەیدا بۆ گوندی سیرێ (ئەو گوندەیە، کە بنەماڵەی (ڕەمزی)ی شاعیری لێوە هاتوون. بڕوانە: (سەرچاوەی پێشوو، ١٦٠)، یادی (ڕەمزی) دەکات و دەڵێت:

لە (سیرێ) ، (ڕەمزی) بگرێتە باوەش

گوڵ شیعرەکانی بدەم لە بەرۆک

لە ئاسۆی کەلا، وەک ئەستێرەی گەش

بدرەوشێتەوە، شێوە و ناوەرۆک (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ١٠٤)

## ٣-٢/٢ نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ داستانە کوردییەکان:

داستانە کۆنەکانی هەر نەتەوەیەک کەرەستەیەکی خاوی داهێنانەکانی نووسەر و شاعیرانن، چ وەکو گەڕانەوە بۆیان و تەوزیف کردنیان لەناو دەقە شیعرییەکانیاندا، چ وەکو ئیلهام لێ وەرگرتنیان، چونکە داستانەکان یەکێکن لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان، کە مێژوویەکی زۆر کۆنیان هەیە، کورد خاوەنی دەیان داستانی خۆماڵییە،وەکو داستانەکانی ئەڤینی و دڵداری و قارەمانێتی و سوارچاکی و نیشتمان پەروەری و ....هتد، بۆیە شاعیران بەردەوام لە ڕێگەی نەستی کۆوە، ئاوڕیان لەم داستانانە داوەتەوە، نموونەی داستانە کوردییەکانمان زۆرن، وەکو(مەم و زین، شیرین و فەرهاد، خەج و سیامەند، قەڵای دمدم و....هتد).

'جەمال شارباژێری' لەم بەرهەمەیدا ئاوڕی لە داستانە کوردییەکان داوەتەوە، جا چ وەکو سۆزێکی نۆستالژی بێت و بەهۆیانەوە بێزاری و نەهامەتی واقیعی ژیانی خۆی پێ لە بیر بکات و بە باسکردنیان ئارامی دەست بکەوێت، چ وەکو هونەر و لایەنێکی ئێستاتیکی و بە دەقکردنی ئەو داستانانە و بەخشینی شیعرییەتی دەق بە دەقەکانی بێت، لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەقێکی نۆستالژی لێ دێتە بەرهەم و لە دایک دەبێ. ئەوەتا شاعیر لەم بەرهەمەیدا گەڕاوەتەوە بۆ داستانێکی کوردی کە داستانی (شیرین و فەرهاد)ەو دەڵێت:

پشووی هاوینیش، منیش هاوسەنگەر

بووم بە شاگردی کوورەی ئاسنگەر

دەی بدەمێنە دەمی هەمانە

چەکوش و دەسگا و ئاگر بارانە

***

پاچ و نێڵ و پیک بە دەستم ناسین

چۆن فەرهادێ بوون لە شاخ برینا

سێبەرکوژانی پێ هەستم ناسین

چۆن میکرۆبێ بوون لە دەم برینا (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ٦٥_٦٦)

شاعیر لێرەدا بە سوود وەرگرتن و گەڕانەوە بۆ نۆستالژیای گشتی و لە ڕێگەی داستانێکی کۆنی نەتەوەیی، خەسڵەتی جوامێری و کۆڵنەدانی(فەرهاد) دەخاتەڕوو، کە مژدەی سەرکەوتن و ڕزگاربوونە و هاتنی خۆشی و شادییە، شاعیر لێرەدا ئەم داستانەی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکارهێناوە

دوور لە مەبەستی دڵداری، (فەرهاد) لێرەدا ڕەمز و نیشانەی خۆری هیوا و جوامێری و کۆڵنەدانە کە شاعیر وێنای خۆی پێ کردووە بەوەی کە بەردەوام بووە لە ڕەنج و کارکردن و ماندووبوون بۆ ئەوەی بگاتە ئاواتی خۆی کە تەواوکردنی خوێندنەکەیەتی.

هەروەها شاعیر لە گێڕانەوەی حیکایەتی بنیاتنانی شاری سلێمانی و سەیران و گەشت و گەڕانی میری باباندا، ئاماژە بە داستانێکی تری دڵداری کۆنی کوردی دەکات، کە ئەویش داستانی (خەج و سیامەند)ە، بەمجۆرە دەڵێت:

میر لە گەڕان و گەشت و گوزارا

عاشقی ڕاوی کەڵەکێوی بوو

لە هەرد و دەشت و چیا و نزارا

خەجە و سیامەند، لەسەر لێوی بوو

***

مەناڵە سیامەندی خوێناوی

با خەجە نەمرێ لە تاوی، ناڵان

چەندم پێ وتی .. مەچۆرە ڕاوی

کەڵەکێویان، گەردن بە خاڵان (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ١١٢)

**٢/٢-٤ نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان:**

یەکێک لە هۆکارەکانی نوێگەری و نوێبوونەوەی شیعری لای میللەتان بە گشتی و شیعر و شاعیرانی کوردی بە تایبەتی گەڕانەوە بووە بۆ بەرهەمە جیاوازەکانی فۆلکلۆری نەتەوەیی، بە هەموو ژانر و جۆرەکانییەوە، چ لە ڕووی ڕیتم و کێش و سەرواوە بێ، چ لە ڕووی وشە و دەستەواژە فۆلکلۆرییەکانەوە بێ، بەمەش فۆلکلۆر شوێنێکی باش و بەرچاوی لە ئەدەبی هاوچەرخ و نوێی کوردیدا داگیرکردووە، وای لێ هاتووە، کە هیچ بەرهەمێک نادۆزیتەوە لە کانی ئەدەبی فۆلکلۆری نەتەوەکەی نە خواردبێتەوە، چونکە ئەم هونەرە زۆر دەوڵەمەندە و شایانی گەڕانەوە و سامانێکی پڕ لە کانزا و خەزێنەیەکی ئەدەبییە، ئەمەش بە چەند جۆرێک شاعیران لە ناو دەقە شیعرییەکانیاندا دایانمەزراندووە، فۆلکلۆریش چەند جۆرێکی لێ دەبێتەوە، لەوانە (حەکایەت، پەند، قسەی نەستەق، گۆرانی، جلوبەرگ و کەلتووری کۆن، خواردن، ئامێر و ئامرازی کۆن،.... هتد).

شاعیر زۆرترین ئاوڕی لەم لایەنە داوەتەوە، دەتوانین بڵێین ئەم بەرهەمەی شاعیر فەرهەنگێکی وشە و دەستەواژەی کۆنی کوردییە، کە ئێستا بەکارنایەن و لەناو دەقەکانیدا دەیدۆزینەوە، ئەوە جگە لە ئامێری کۆن و بەکارهاتووی سەردەمی گوند وژیانی سادەی ئەو سەردەمە کە شاعیر منداڵ و گەنج بووە، هەر ئەووشە وای لە شیعرەکانی شاعیر کردووە، سادە و خۆش و ڕوون و ڕەوانبن، لە ڕووی ڕیتم و مۆسیقاوە، ڕوونبێژییەکی ئێستاتیکی بە دەقەکانی بەخشیوە و خوێنەرێکی باشی لە خۆی کۆکردۆتەوە، ئەو بەشانەی فۆلکلۆر کە شاعیر لەم بەرهەمەیدا ئاوڕی لێداونەتەوە ئەمانەن:

أ- پەندی پێشینان: پەندی پێشینانی کوردی ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەیە لە ناو شیعری شاعیران بە گشتی و شاعیرانی نوێخواز و هاوچەرخ بە تایبەتی، چونکە(( پەندی پێشینان بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرە، بەرزی و جوانی زمان، لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری و فەلسەفی ژیانی گەلی کوردمان بۆ دەردەخات)). (ڕەسوڵ، ٢٠٠٥، ٢٩). شاعیر لە چەند شوێنێکدا پەنای بردووە بۆ پەندی پێشینان، وەک:

کورد ئەڵێ قسەش قسە ئەهێنێ

فەرامۆش کردن سەر ئەشێوێنێ (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ٥٤)

***

چوارتا، میوانی بەریزی کۆڕ بوو

خۆی لێ گۆڕی بوو، دانیشتبوو قنج

خاوەنی پەندی بیری نەگۆڕ بوو

دار ئەبڕنەوە هەڵ مەکەنن بنج (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ١١٩)

بێگومان هەموو ئەو پەندانەی کە هێڵیان بە ژێردا هاتووە، پەندی پێشینانی کوردین و بە گوێی هەموو کوردێک ئاشنایە و لە زۆر بۆنە و ڕووداوا باکارهاتوون.

ب- کەلەپوور و ئامێری کۆن: شاعیر وەک کەسێکی ئاگادار و بە شێوەیەکی نەستی کۆ، بەردەوام ژیانی گوند و ژیانی شارۆچکەکەی لەگەڵ برا و خوشک و دایک و باوکی لەبەر چاوە و ناتوانێ هیچ کات لە یادی بکات، شاعیر گەلێ ئامێر و خشڵ و جلوبەرگ و کەلوپەلی کۆن کە ئێستا بەکارنایەن یان تاک و تەرا بەکاردێن و ئێستا نەوەی نوێ ناوی ئەو جۆرە ئامێر و بەرگ و کەلوپەلانە نازانێت و تەنانەت ناشیان ناسێت لەم بەرهەمەیدا ناوی هێناون و وەک فەرهەنگێک ناویانی پاراستووە، لە وێنەی(تەوراس، چارۆکە، مەشکە، نەقیزە، قابلەمە، بێڵ، پاچ، فەرەنجی، بێشکە، کۆجەڵە/ کۆچیلە، بانگردێن، لەگەن، کۆپان، نێڵ، پیک، کوژەکە، دەسرازە، کەشەفی، تەشوێ، بوخچە، پریاسکە، خاکەناز، گۆبەرۆک، فەقیانە، مشکی، دۆشەکڵە، سەبەتە، قەرتاڵە، جاجم، لباد، مافوور، سینی، بلوور)، بڕوانهێهم چوارینەیە:

کۆچیلە*ی داری بەرمێشک و قەزوان

لە جێگە زامی جێ دانی تەشوێ

دەم بگرێتەوە، بۆ فرمێسکی جوان

بنێشت بێتە گۆ، ڕەنجیش بپشکوێ (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ٩٩)

*کۆچیلە: بەو قورە خۆشکراوە ئەڵێن، کە ئەوانەی ئەچن بۆ بنێشت کردن بە جێ دەمی تەشوێ لە دارەبەنەکە ئەدەن، بنێشتە تاڵەکە ئەچۆڕێتەوە ناوی، دوایی لێی ئەکەنەوە، بڕوانە: (سەرچاوەی پێشوو، ١٥٨)

پ- خواردنی کوردەواری: شاعیر وەک کەسێکی هۆگری ژیانی کوردەواری و کوڕە هەژارێک، بە تاسەوە یادی ئەو خواردنە کوردەواریانە دەکاتەوە، کە ئەو سەردەمەی ژیانی نووسینی هۆنراوەکەی، لێی دوور بووە و نەیتوانیوە وەک جاران تامی بکات، یان گەر خواردبێتی، تامی سەردەمی زووی نەداوە، هەربۆیە لەم بەرهەمەیدا شاعیر ناوی گەلێ خواردنی کوردەواری بۆ ئەرشیف کردووین کە ئێستا هەندێکیان لە یادەوەریماندا کاڵ بوونەتەوە و تامیان ناکەین لە وێنەی (قبووڵی ساوەر، قەرەخەرمان، ماستی کولکن، لەواشە، ترخێنە، کەلانە، گەنمەکوتاو، پیرخەنیلە، یاپراخ، نانی تیری، کشمیشاو)، بۆ نموونە شاعیر لە چەند چوارینەیەکتدا دەڵێت:

لەسەر سەرتەنور دانیشن(کۆرس)ێ

دوان بیکەنەوە و یەکێک پێوەدا

لەواشەیەکیش هەڵمی لێ هەڵسێ

ژمەکەرەی نوێ بێ و خۆی تێوەدا

***

قۆری سەرپشکۆی کوورەی تەنەکە

دیژلەمەیەکی بکەی بەسەردا

شا بە سەپانی خۆت سەیر مەکە

تێری بەری ڕەنج، تاجە لە سەردا

***

ئێوارەش دایە و دیاری دەستی خۆی

ترخێنەیەکی گەرمی لێ نابێ

لەگەنێکی لێ تێگوشی و بیخۆی

تام و چێژەکەی هەر تەواو نابێ

***

یان کەلانەیەک، گەنمەکوتاوێ

پیرخەنیلەیەک، یان یاپراخێ

بیرەی دۆی کاسەش کاست کا تاوێ

بەچەند کەوچکێ یان چەند پەرداخێ

***

بەیانیش پەنجەی پیرۆزی دەسنوێژ

بۆی تەڕ کردبێت دوو نانی تیری

دانێ بۆت ماستی تازەی پڕ سەرتوێژ

لەش سوکی کار و پیشە و تەگبیری (جەمال شارباژێڕی، ١٩٨٥، ٤٤_٤٦)

ت- گۆرانی و یاری و حەکایەتی فۆلکلۆری: شاعیر لەم بەرهەمەیدا دەگەڕێتەوە بۆ گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی، بۆ نموونە تێکستی گۆرانیەکی فۆلکلۆری تیهەڵکێشی هۆنراوەکەی کردووە، کە دەڵێت:

(حەمەلاو) لاوی مشکی مۆری لار

بە دوو لاجانگا، ریشوی بێتە خوار

بە مەرجێ خانم، بۆی هەڵبەستێ

پەیمانێکیشی لەگەڵ بەستێ

نەیگۆڕێتەوە، بە کوڕی پاشا

(دایکی حەوتیش بێ، بۆی بکا حاشا) (جەمال شارباژێڕی، ١٩٨٥، ١٢٩)

دیارە نیوەدێڕی کۆتایی بەشیکە لە گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی، بە هەمان شێوە شاعیر لەم بەرهەمەیدا ناوی کۆمەڵێ یاری فۆلکلۆری دەهێنێت و بە تاسەوە هەواڵیان دەپرسێت و سۆراخیان دەکات کە زیاتر هەستێکی نۆستالژی بە شاعیر دەبەخشن وەک یارییەکانی (شەوارەی ساوای تازە، گوێزەبانە، کڵاوێن) بۆنموونە:

کوانێ شەوارەی ساوای تازە بو

گیانی زەیستان پڕکات لە ئارام

بلوێر، لێو بێنێ و حەمەشوان پشو

قالەمیرە بۆی هەڵڕێژێ مەقام

***

کوا گوێزەبانە و خەنیی بە کوڵ

چاوێکی جوان تێر .. تێ گرێ تیلە

لاوی تازە خەت، لێدا دەستەگوڵ

فت کا .. کڵاوی بێ ئەموستیلە (جەمال شارباژێڕی، ١٩٨٥، ١٢٣)

هەر لەم بەرهەمەیدا شاعیر لە سۆراخکردن و هەواڵپرسینی حەکایەتخواندا ئاوڕ لە حەکایەتی (کوڕەکەچەڵە) دەداتەوە، کە حەکایەتێکی بەناوبانگی فۆلکلۆری کوردییە، بەمجۆرە:

کوا مریەم خانی*، میوانی دۆستان؟

بۆ دەمەتەقێی لای نەنەخورشەم

حیکایەتخوانی شەوانی زستان

بتبا بۆ لای زین، لای شیرین، لای شەم

***

برا بچکۆلە .. برای بێ ئاگای

گەورە و ناونجی لە گردە ڕەشا

ڕزگار بکات و بشکێنێ دەرگای

زیندانی سەدان لاو لە باوەشا

***

بە هەڵمەتێکی بەهێزی(شێر)ین

دوا دەڵە دێوی ڕەزا ناشیرین

لەت و پەت بکا بە ڕم و خەنجەر

بێ خەم بخەون سەپان و ڕەنجەر

***

کوڕەکەچەڵەش بکات بە پاشا

بخوازێ کچی قەڕاڵی فەرەنگ

زەماوەندێکیش سازدا لە پاشا

هەموو سەرزەمین بێنێتە ئاهەنگ (جەمال شارباژێڕی، ١٩٨٥، ١٢١_١٢٢)

*مریەم خان: یەکەم کاتب بوو لە چوارتا، بە خزمایەتی دەگەنەوە بە بنەماڵەی عارف عورفی شاعیر. (سەرچاوەی پێشوو، ١٥٩-١٦٠)

**٥-٢/٢ نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان:**

میللەتی کورد، نەتەوەیەکە زۆرترین ڕووداوی سیاسی لە مێژووی نەتەوەکەیدا تۆمارکردووە، ڕووداوەکانیش ڕووداوی زوڵم و زۆرداری خوێناوی دژ بە گەلەکەمانن، چونکە ئێستاشی لەگەڵدا بێ بەردەوامن و دووبارە دەبنەوە، بۆ شاعیرانی کوردیش بووەتە هۆکارێکی باش، بۆ هەڵچوونی هەست و سۆزی شاعیران و هەوێنی داهێنانی چەندین دەق داهێنەرانە و زیندوو و دیارن، جا ڕووداوەکان ڕووداوی مێژوویی و کۆن بن، یان ڕووداوە نوێ و سەردەمیەکان بن. شاعیران سوودێکی زۆر وەردەگرن لە ڕووداو و کارەسات و بەسەرهاتە مێژووییەکان و بەردەوام لەناو دەقەکانیاندا بەکاری دەهێنن، چونکە ((شاعیرەکان مێژوو تەوزیف دەکەن بە لە دایک بوونێک، لە بیرەوەریەکانی مێژوویان لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، یان بە بیرهێنانەوەی کاتە ڕابردووەکان و لە وێنەی شیعری خۆیاندا بڵاوی دەکەنەوە، بەزۆری ئەم بەبیرهێنانەوەی ڕابردوو پێکچوونە و نزیک بوونەوەی وێنەی شیعرییە لە میانەی ئێستا و ڕابردوو)). (عیسا، ٢٠٠٩، ٢٩١)

شاعیر یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخانەی، کەوا زۆرترین گەڕانەوەی بۆ کەسایەتی و ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان ئەنجامداوە، بێگومان ئەمەش ئاستی تێگەیشتن و گرنگی ئەم ڕووداوانە بۆ شاعیر دەگەیەنێ و گەڕانەوەکان بۆ مێژوویەکی زۆر کۆنی سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە، وە بووەتە هۆی بەخشینی شیعرییەت بە دەقەکانی و دروستکردنی هەست و نەستێکی کۆ، چونکە ڕووداوەکان ڕووداوی نەتەوەین. شاعیر لەم بەرهەمەیدا چەند ڕووداوێکی سیاسی و مێژوویی بۆ تۆمارکردووین، یەکێک لەوانە باس لە جەنگی دووەمی جیهانی(١٩٣٩- ١٩٤٥) دەکات، کە چۆن بووەتە نەهامەتی و ماڵوێرانی بۆ گەلانی ناوچەکە و ڕاستەوخۆ پریشکی ئاگری ئەم شەڕە نەگریسە بەر شاعیر دەکەوێت و باوکی وەک سەربازێکی لیڤی ئەوشەڕە بێسەروشوێن دەبێت و باپیری نازی بێ باوکی هەڵدەگرێت، بۆ نموونە لە چەند چوارینەیەکدا شاعیر ئەم هەستەی بهمجۆرە بەیاندەکات:

مەنجەڵی جەنگی جیهانی .. گەلێ
گۆشتاوی لێنا بۆ چەند ئادەمێ
هەر پەل بو پەل پەل، پلەی هی گەلێ
ئەبوون بە مووچەی نەهەنگ و گەمێ
***
(هاوپەیمانێکی بەرەی داگیرکەر)
هات و بە جەستەی گەلانی ژێردەست
لیڤی کرد بە پرد، بە بەردی سەنگەر
لە ناخیشەوە، دڵیانی ئەگەست
***
باوکم یەکێ بوو لەو سەربازانەی
باری ئابووری پاڵی پێوەنان
بوون بە پێشڕەوی ئەو نا .. ئازانەی
لەژێر تەنووری پۆڵاوە ئەدوان
***
باپیرم ڕێشی قەڵەم کردبوو
بیستبووی دەریای سوور گومی کردوون
لەلای ماڵەوش نەیدرکاندبوو

خۆی ئەخواردەوە و ئەینایە دەروون

***

بۆیە هەرچی ناز هەبو دایبوومێ

هەتا بێ باوکیم دیار نەبێ پێوە

ئێستاش یادەکان بوون بە ئەلبوومێ

وێنەکان یەک یەک، وەستاو بە پێوە (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ٣٠_٣٢)

یەکێکی تر لەو ڕووداوە سایسی و مێژووییانەی، کە شاعیر لە گەشتەکەیدا و لە سەردانی بۆ'سیتەک' دەکەوێتەوە یادی و هەستێکی نۆستالژی لا دروستدەکات و دەیکاتەوە بە هەستێکی کۆ، بۆردوومانکردنی شاری سلێمانی و سیتەکە لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە لەسەردەمی حکومڕانی مەلیک مەحموودا، بۆ نموونە دەڵێت:

بە تایبەتی بچم بۆ سیتەک

وەک نزیکترین هاوەڵ و هاوڕێم

لەگەڵ جێ بۆمبا و هاوان و فیشەک

بۆ کوژەکەی باوکم بگەڕێم

***

کە دوژمن چزەی گەیشتە سەربێخ

لە پەلە قاژێ مەرگا ئەینالان

بۆ تۆڵەسەندن لە بەرگری شێخ

کەوتە تۆقانی ژن و منالان

***

سلێمانیان ئاگر باران کرد

بەهەمان شێوە لە سیتەکیشا

کوچە و ئارامگا و لانەی وێران کرد

داخی دەروونی ڕەشی پیاکێشا (جەمال شارباژێری، ١٩٨٥، ٨٩_٩٠)

## ئەنجام

١- جەمال شاربازێری، هەردوو جۆرەکەی نۆستالژیا (نۆستالژیای تاک، نۆستالژیای کۆ)ی لەم بەرهەمەیدا بەکارهێناوە. لەمڕووەوە: (أ) لە نۆستالژیای تاک، جۆرەکانی (نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی، نۆستالژیای سەردەمی گەنجییەتی و خەمی نەگەیشتن بە یار، نۆستالژیای خەم و غوربەتی نیشتمان، نۆستالژیای خەم و حەسرەتی دووریی ئازیزان و لە دەستدانیان، نۆستالژیای داهاتوو/ ئایندەسازیی (داهاتووی نموونەیی)، نۆستالژیای شاری نموونەیی'المدینة الفاضلة" یۆتۆپیا، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سروشت)ی بەرهەمهێناوە. (ب) لە نۆستالژیای گشتی، جۆرەکانی (نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ شوێنەوارە کۆن و دێرینەکان، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژوویی و نەتەوەییەکان، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ داستانە کوردییەکان، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان)ی بەرهەمهێناوە.

٢- هۆکاری دروستبوونی نۆستالژیا لەم بەرهەمەی جەمال شاربازێریدا (ملوانکەی هەزار دەنکەی شاربازێڕ)، دوورکەوتنەوە بووە لە گوند و شوێنی لەدایکبوون و ناوچەکەی خۆی، هەندێ جاریش، تێکدانی واقیعە خۆشە ئاسانەکەیە بۆ واقیعێکی تری ناخۆش و زەحمەت و ئاڵۆز، با لە ناو وڵاتەکەشدا بێت.

٣- نۆستالژیا لەم بەرهەمەی شاعیردا، بووەتە هۆکاری بەرهەمهێنانی گەلێ وێنەی هونەریی بەرز، کە بە غەم و حەسرەت و باری دەروونیی ماندووەوە داپۆشراون.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کوردی:


١- ڕەفیق، ئاشنا جەلال، (٢٠١٤)، لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجیی خوارووداً، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢- شاربازێری، جەمال، (١٩٨٥)، ملوانکەی هەزاردەنکەی شاربازێڕ، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان- ناوچەی کوردستان، چاپخانەی عەلاء، بەغداد.

٣- سیوەیلی، ڕێبوار، (٢٠٠٢)، نەتەوە و حەکایەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٤- فەتاح، ڕزگار عومەر، (٢٠١٣)، ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

٥- ڕەنجدەر، سەباح، (٢٠١١)، دووکتێب لە بارەی شیعرەوە، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦- میران، سەردار حەمید و شارەزا، کەریم مستەفا، (٢٧٠٢)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، سنە.

٧- عەبدوڵڵا، سۆران مامەند، (٢٠١٦)، نۆستالژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران.

٨- ڕەسوڵ، شوکریە، (٢٠٠٥)، وەرز و ساڵنامەی میللی لە پەند و شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٩- پیرباڵ، فەرهاد، (٢٠٠٩)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی سێیەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٠- میراودەلی، کەمال مەمەند، (١٩٨١)، چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، چاپخانەی الحوادث, بەغداد.

١١- لە ستایشی ئەدەبدا، (٢٠٠١)، کۆمەڵێ وتار، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٢- لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، زاراوەی ئەدەبی: کوردی-عەرەبی- ئینگلیزی، ٢٠٠٦، هەولێر.

١٣- حەسەن، محەمەد فەریق، (٢٠٠٨)، هێمن و بۆنی غەریبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٤- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

١٥- عیسا، هاوژین سلێوە، (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٦- هەژار، (١٣٨٨)، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کوردی-فارسی، چاپ ششم، چاپخانەی سروش، تهران.

**دووەم: فارسی:**

١٧- نفیسی، حمید، (١٣٧٥)، نوستالژی مهاجر، فصلنامه گفتگو، شماره (١١)، تهران.

١٨- ایاد، یوسف علی عباس، (١٣٨٧)، غم غربت در شعر معاصر، نشریه علمی، شماره (٦).

١٩- باطني، محمد رضاو دیگران، (١٣٧٢)، واژەهای دخیل اروپایی در فارسی، فرهنگ معاصر، تهران.

٢٠- پورافکاری، نصرت اله، (١٣٨٢)، فرهنگ جامع روانشناسی و روان پزشکی، انگلیسی _ فارسی، تهران.

٢١- حییم، سلیمان، (١٣٧٥)، فرهنگ معاصر, انگلیسی و فارسی حییم، جلدی یک، چاپ نوبهار، تهران.

٢٢- تقي زاده، صفدر، نوستالژی، نشریەی بخارا، شماره (٢٤).

**سێیەم: عەرەبی:**

٢٣- ادريس، سهيل، (٢٠٠٦)، المنهل الوسيط، قامو